چەند شیعری شاعیرانی جیهان

# پاپۆڕەوان

لە ئینگلیزییەوە: د. سەلام خەلیلی ئەقدەم
(بۆکان)



## والت ویتمەن

پاپۆڕەوان! پاپۆڕەوانی دلۆڤان
ئیتر تێپەڕی سەفەری پڕ ترسمان
پاپۆڕەکەت گشت تۆفان و مەترسییەکانی تێپەڕاند
بەو خەڵاتەی گەیاندییەوە کە لێی دەگەڕاین
کاتێک لەو پاپۆڕە زاڵم و چاونەترسە
چاوەڕوانی هێوربوونی
وریابە دڵ، ئاگادار بە
ئەوە دڵۆپە سوورەکانی خوێنە
بە سەربانی پاپۆڕەکەدا پژاوە
پاپۆڕەوان ڕاکشاوە
لەشی ساردە و ئیتر پشووی لێ بڕاوە

دە هەستەوە
دەنگی زەنگەکەی لەمەوبەر ببیستەوە
دە ڕابەوە
هەر بۆ تۆیە ئەو ئاڵایەی وا شەکەی دێ.

بۆ تۆیە ئەو شەیپوورەی زەنگی دەنگی دێ
ئەو چەپکە گوڵ و ئەو ڕەختە جوانەش بۆ تۆ.

ئەو خەڵکانەی لەوبەری بەستێن
سەرلێشێواو، هاوار دەکەن
تێکچوونی ڕوخساری پڕ گەشەی ئەوانیش؛ لەبەر تۆیە

هۆ پاپۆڕەوانی ژینم
هۆ باوکی گەلێ شیرینم
ئەو دەستەی کە وا بووەتە سەرینی سەرت
وەک ئاواتێکی سەربانی پاپۆڕە
لەشی سارد و بێ گیانی تۆ ڕاکێشراوە
پاپۆڕەوانەکەم ئیتر زمانی ناگەڕێ و
لێوی زەردە و جووڵەی نایە

بابم هەست بە دەستم ناکا
کوتەی دڵی ڕاوەستاوە و ئیتر ئارەزووی نەماوە
لەو سەفەرە دژوارە گەڕاوە
بە سەلامەتی پاپۆڕە سەربەرزەکەت
بە جامێکی پیرۆزەوە

لە بەستێنیش هەرای خۆشی و زەنگی دەنگ دێ
بەڵام ئەمن خەفەتبارانە هەنگاو دەهاوم
لەسەر بانی ئەو پاپۆڕەی
ناخوداکەی ڕاکشاوە
بە لەشێکی ساردەوە بوو
کە ئیتر پشووی بڕاوە.

## مانگاکان

**شیعری: سی. کەی. ویلیامز**
**(خەڵاتی ئەدەبی پوولیتزەری پێ بەخشراوە)**

لای کیژۆڵێکی دڵشکاو
ئەسرین لە گلێنەی چاو چزاو
ڕوخسار لە نێو لەپی دەستدا حەشار دراو
لە سەر کوێرە ڕێی لادێیەک
دووچەرخەیەک بە بێ نازی توور هەڵدراو.

وام دەزانی دیمەنێکی دڵبزوێنە
لەسەر ڕێگا ڕاوەستام و
لەو دیمەنە دەمێک ڕامام
لە نێوان دەشت و دیمەندا
گاڕانێک گوێرەکەی بەڵەکم هاتە بەرچاو

گوارە لە گوێ و ناسک و نازدار
کە دەمبینن سڵ دەکەن و ڕادەچڵەکێن
بەرەو دیوار هەموو هەڵدێن
وێکڕا دەنگیان دەبێتە هاوارێکی بەرز

لە چاویانڕا ئەو هاوارە دەخوێنمەوە
نە بۆ نان و نە بۆ ئاوە
هەر بۆ ژیانە ئەو زایەڵە بەردەوامە
"فریام کەوە ، فریام کەوە"
چریکەی هەموو ئەوانە.

لە ماڵێکی کپ و هێمن
باڵا بەرز و
شووش و لەبار و خوێن شیرین
پێستی سپی لە ڕەگەزی ڕەنگی بەفر
کە دەدرەوشاوە وەک مەڕ مەڕ

من پێم وایە خودای غەیان
ڕوخساری ئەوی شەمزاندووە
چون هێند جوانە کە ئێستاکەش
زۆر پیاو تاسەی ئامێزی ئەو لە مێشکیاندایە
ڕۆژ و شەو.

مەگەر قوربانی بکرێن ئەگینا
ساڵێکی دی ئەو دەمانە
پێگەیشتوو و مەمک کردوو
هەر کام سەرقاڵی شتێکن

کە لە ئاوێنەکە ڕامام
ئەو کیژۆڵەم ئەدیتەوە
کە وەستابووم یارمەتی دەم
نازانم چی بەسەرهاتبوو
ناشزانم کە چی بە سەر دێت

بە ئیشتیا کاوێژیان دەکرد
کلکیشیان ڕادەوەشاند و
مێش و مەگەزیان دەتاراند
هەمووش دەیانڕوانییە من
فریامان کەوە خێرا بە!
فریامان کەوە خێراتر"

## ڕابوردووی گۆزە

**شیعری: والانس ئیستیوێنس**
**(خەڵاتی ئەدەبی پوولیتزەری پێ بەخشراوە)**

لە تێنێسی
لە سەر بەرزایی لووتکەی کێو

گۆزەیەکی خڕم دانا

لە داوێنەوە تا لووتکە
هەمووی هەر زەوی بەیار و
پاکی عەرزی ئاڵۆزاو بوو
بەڵام ئێستا وا نەماوە
لەبەرزایی ئەو زەوینە
کە دەڕوانی؛ بەرز وەک بەستێنێک بە حەواوە
هەمان گۆزە دانراوە

هەموو وڵات شڵەژاوە
هەمان گۆزەش ڕووت و قووتە و
ڕەنگی بە ڕووەوە نەماوە
هیچیش بە باڵندەکان نابەخشێ
بە گژ و گیاش
وەک هەموو شتەکانی دیکەی تێنێسی.

## ئیمپراتۆری بەستەنی

**شیعری: والاس ئیستیوێنس**

ئەو پیاوە چوارشانە گاز کە
کە جگەرە دەپێچێتەوە
پێی بڵێ قەمچییەکەی لێ دا
لە چێشتخانە
پیاڵەکان لێوڕێژ
لە شیرێکن کە تویێ وەسەرکشاوە
بڵێ بە کیژە لادێییەکان
بە جلوبەرگی هەمیشەییانەوە
خۆ بنوێنن
با لاوەکانیش
چەپکە گوڵەکان بهێنن
پێچراو لە ڕۆژنامەی ئاخری مانگەوە
با بەشی ئاخریش وەدیهاتن بێ
تەنیا ئیمپراتۆر
ئیمپراتۆری بەستەنییە

**سەرچاوە:**

1- https://m.poemhunter.com/
2- https://www.poetryfoundation.org/poets/walt-whitman
3 https://en.m.wikipedia.org/w/index.php?title=C._K._Williams&oldid=682163207
4- www.english.illinois.edu/maps/poets/s_z/stevens/stevens.htm

PoemHunter.com: Poems- Quotes- Poetry Poems from different poets all around the world. Thousands of poems, quotes and poets. Search for poems and poets using the Poetry Search Engine. Quotes from all famous poets.
poemhunter.com